# پێشەکی

سامی عەبدوڕەحمان
جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ساڵی پار لە پێشەکیی کتێبی (ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا) گوتمان: «لە هەندێک وڵاتی ئەورووپادا، دوای تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر دامەزراندنی حکوومەتی تازەدا دەتوانن حکوومەتەکە هەڵبسەنگێنن. گەلێک لە شارەزا و پسپۆران دەڵێن ئەو سیما و ڕێبازەی کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا دەردەکەوێ، دەبێ بەمۆرک و سیما بنەڕەتییەکانی ئەو حکوومەتە هەتا دوایی».

بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان ئەو خێرایی و دینامیکی و دامەزراوەییەی تێدا نییە وەک وڵاتانی تر بۆیە پێیان وابوو ماوەیەکی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ دەخوازێ تاوەکو سیما و ڕێبازی ئەو حکوومەتە بێتە بەرچاو. گوتمان: «ئێمە ماوەی ساڵێکمان دەوێ تا بتوانین ڕەنگ و سیمای حکوومەتی کوردستان بەڕوونی ببینین».

لە ڕاستیدا، بەهەر یەکێک لەو دوو پێوەرە سەیری ڕەوتی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەین واتە چ لە ١٠٠ ڕۆژەکەدا و چ لە یەک ساڵەکەدا ڕەنگ و ڕوویەکی ئاشکرا و بەرچاو دەبینین. ڕەوتی کابینەی چوارەم بریتی بووە لە ڕەوتی چەسپاندنی یاسا و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەبەردەوامی و بێ وچان بۆ هەموو خەڵک. لە شان بەشانی ئەمەشدا بایەخێکی زۆر دراوە بەئاوەدانکردنەوەی وڵات لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەمانەش هەمووی لە سایەی زیاتر چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی و کردەوە و هەنگاو هەڵێنانی دیموکراسی.

وەک سەرنج دەدرێ، ئەم ڕەوتە هەر بەرەوپێش ڕۆیشتووە. هەرچەندە کە دوژمنانی ئەزموونی ئازادی و دیموکراسیی کوردستان دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون. سەرەڕای ڕەوتی لەبار و بەرەوپێشی کابینەی چوارەم، ڕووداوی تاڵ و زۆر ناخۆش ڕوویان داوە. بەڵام ئەمانە هەر تەنیا لە سنووری ڕووداودا ماونەتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بەسەر داگیراوە و بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان لە بەرامبەردا کراوە.

لە بواری فرەوانکردنی پرۆسەی دیموکراسیدا، ساڵی دووەمی تەمەنی کابینەی چوارەم هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی بەخۆیەوە بینی کە بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی لایەنە بەشداربووەکانی ئەم پرۆسەیە و چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە، هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێن بۆ (٨٤) شارەوانی لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆکدا ئەنجام درا کە (٤٣) یان

شارەوانییی تازە بوون.

دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤیش یەکێکە لە هەنگاوەکانی ئەم پرۆسە بەرەوپێش چووە، هەرچەندە ئەم وەزارەتە وەک هەر دامەزراوێکی تازە پێویستی بەئەرک کێشان و کات هەیە تا بتوانێ ڕۆڵی خۆی لەم بوارە زۆر گرینگەدا بگێڕێ و ببێ بەدامەزراوەی چەسپاندنی مافی مرۆڤ لە هەموو ئاستێکی لە کوردستاندا.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا هاوکاری و هاودەنگییەکی تەواو لە نێوانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستاندا هەبووە. یەکێک لە نیشانەکانی ئەمەش ئامادەبوونی گشت وەزیرەکان بووە لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆ پێشاندانی چالاکییەکان و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک لە بارەی ئەدای وزارەتەکانیان.

ڕاگەیاندن نەک تەنیا چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی خستووەتە ڕوو بەڵکو گلە و گازاندەی خەڵک و پێشنیازی هاووڵاتیانیشی لەبارەی ئەدای حکوومەت و هەر شتێکی پێوەندیی بەکاری حکوومەت هەبووبێ، پێشان داوە. حکوومەتی هەرێم بەسیاسەتێکی نەخشە بۆکێشراو و سنگی فرەوانەوە سەرنج و گلەی خەڵکی وەرگرتووە و، ڕەخنەش ئامێرێکی زۆر گرینگی کار لەیەک کردنی نێوان حکوومەت و میللەتە. گوێگرتن لە خەڵک و ڕەخنەی بنیاتنەر شێوازی زۆر گرینگ و کاریگەرن بۆ ئەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان لەکات و ساتی خۆیاندا چارەسەر بکرێن و، ئەوەی لە دەسەڵاتدا هەبووە و ئەوەش کە لە دەسەڵاتدا نەبووە بخرێنە بەرچاو.

لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا، شتێکی زۆر گرینگە کە دەستی هەموو منداڵێک دەگات بەقوتابخانە و هاندانێکی زۆریش هەیە بۆ چوونە قوتابخانە و، بۆ ئەوانەش کە دوادەکەون پرسینەوە هەیە. دوکتۆر و دەرمان لە بەردەستی هەموو هاووڵاتییەکدان. خزمەتگوزارییەکانی ئاو و تەلەفۆن لە پەرەسەندندان. لەبارەی کارەباشەوە هەرچییەکی لە تواناداهەبووە و هەیە کردوومانە و دەیکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە. زۆر گیروگرفت لەم بوارەدا هێشتا ماون کە دەبێ چارەسەر بکرێن. لە بواری پاکیی شارەکان و چاکیی جادەکان و جوانکردنی شار و شارۆچکەکاندا هەوڵێکی زۆر دراوە کە ئەنجامەکەشی بووە بەمایەی سەرنج ڕاکێشانی ئەوانەی سەردانی وڵات دەکەنەوە. فرەوانکردنی پارکی هەولێر (کە ڕووبەرەکەی بووە بە ٢٠٠٠ دۆنم) واتە پارکێکی تەواو گەورە و دروستکردنی بینایەتەکانی و چاندنی دارودرەخت و گوڵ و فریز هەر بەردەوام بووە.

لێدانی ئاوەڕۆ بەردەوامە و ئەمە کاتی زۆری دەوێ تا تەواو دەبێ. هەست دەکرێ کە هاووڵاتیان بەهۆی گیرانی ڕێگەی هاتوچۆیان ناڕەحەت دەبن. لە ڕاستیدا، لێدانی ئاوەڕۆ لەکاتی جێبەجێ کردندا تەنانەت لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووشدا گلەیی دروست دەکات بەڵام لە ئەنجامدا بەقازانجی شارە و هەموو لایەک لێی سوودمەند دەبن.

پرۆگرامی ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی نەوت بەرامبەری خۆراک ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە چ لە بەرزکردنەوەی ئاشتی ژیانی خەڵکی کوردستان و چ لە ئاوەدانکردنەوەدا هەرچەندە لە سایەی ئەم پرۆگرامەوە بارودۆخی گوزەرانی خەڵک باشتر بووە بەڵام هێشتا زۆر ماوە کە بکرێت بۆ باشکردنی ژیانی خەڵک. بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی منداڵپارێزیی بەریتانی SCFUK کە ڕێکخراوێکی پسپۆڕ و خاوەن شارەزاییە، وای خەملاندووە کە ڕێژەی ٦٠٪ی خێزانی کوردستان جگە لە سەبەتەی خواردن داهاتیان کەمترە لە ٥٠٠ دنیاری مانگانە. لەناو ئەم ڕێژەیەشدا ٢٠٪ یان داهاتیان جگە لە سەبەتەی خواردن لە خوارەوەی ٢٥٠ دینارە لە مانگێکدا. ئەم ئامارە هەرچەندە ڕادەی خراپی بژێوی لەنیوە زیاتری خەڵکی کۆمەڵگەمان پێشان دەدات بەڵام ئەوەش پێشان دەدات کە زۆربەی خەڵک متمانەیان لەسەر سەبەتەی خۆراکە. ئەمە دەری دەخات کە چەند گرینگە

ئەم بەرنامەیە بپارێزرێ. ئەگەر بەراوردی بارودۆخی ئێستای گوزەرانی خەڵکی لەگەڵ کاتی پێش بڕیارەکە بکەین دەبینین باری ژیانی خەڵکەکە زۆر باشتر بووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا ئەگەر کۆسپ و تەگەرەکانی عێراق و بیرۆکراسییەتی UN خۆی نەبوایە ئەوا ئەم بڕیارە دوو هێندەی تر قازانجی دەبوو بۆ میللەتەکەمان.

بواری هەرە گرینگ و سەرەکی لە ساڵی دووەمی تەمەنی کابینەی چوارەمدا، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بووە. گەلێک لەو پرۆژانەی کە پێشتر دەستیان پێ کرابوو، لە ساڵی ۲۰۰۱دا تەواو بوون. لە ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆزدا زیاتر لە ۱۰۰ پرۆژە کرانەوە، بەدەیان پرۆژەش بەردی بناخەیان بۆ دانرا. لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا، چەندان ڕێگەوبانی نوێ کراونەتەوە و چەندان پرد دروست کراون. خانووبەرە و شوقەی سەکەنی و بینایەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و چەندان باڵەخانەی حکوومی دروست کراون یان لەژێر دروستکردندان وەک بانکی ناوەندیی هەرێم و تەلاری وەزارەتی داد و کۆڕی زانیاری و کۆشکی هونەر. هەروەها دروستکردنی سێ ئوتێلی گرینگ لەژێر جێبەجێ کردندان کە دوانیان لەناو شاری هەولێردان و سێیەمیان لە هاوینەهەواری خانزادە. ئەم سێ پرۆژەیە لەلایەن کەرتی تایبەت و بەپشتیوانیی حکوومەتی هەرێم جێبەجێ دەکرێن.

بواری کشتوکاڵ کە سەرەکیترین بوارە لە چالاکیی ئابووریی کوردستاندا، پێشکەوتنی زۆر بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. دابینکردنی ئامێری کشتوکاڵی و، داوودەرمان و پێداویستییەکانی قەڵاچۆکردن و، بیرهەڵکەندن و مەشقدانی کادیر هەمووی بەردەوام بووە. بەتایبەتی لە بواری سامانی ئاژەڵیدا کە پسپۆڕانی ڕێکخراوی فاو پێیان وایە کەوا بەرهەم لە ڕووی چەندایەتییەوە گەیشتووەتە ڕادەی بەشکردن (کیفایەت)، ماوە بایەخ بەجۆرایەتی بدرێت. لە بواری کەرتی پیشەسازیدا حکوومەتی هەرێم زۆر پشتیوانی لە کەرتی پیشەسازیی تایبەت دەکات. کارگەی جۆراوجۆر کراونەتەوە. بڕیارە لە مانگی گوڵانی ساڵی ۲۰۰۲دا کارگەی ڕۆن لە ئاکرێ بکرێتەوە. چەندان کارگەی تریش لەژێر نەخشەکێشان و لێکۆڵینەوەدان.

لەم دواییەدا، پەیامنێری چەندان ڕۆژنامە و میدیای جیهانی لە کورد و لە بیانی سەردانی کوردستانیان کردووە و، پەیامنێری ڕۆژنامە گەورەکان ڕاپۆرتیان نووسیوە و بڵاو کردووتەوە. ئەمەش هەمووی لەبەر چاوی خەڵکە. دەتوانین بڵێین ڕای هەموویان ئەوە بووە کە تاقیکردنەوەی کوردستان لە ئازادی و دیموکراسی و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەدا تاقیکردنەوەیەکی سەرکەتووە، جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کەوا پێویستە ئەم تاقیکردنەوە بپارێزرێ و قووڵتر بکرێتەوە و، دەشێ بکرێ بەنموونە بۆ هەموو عێراق.

لە بواری دەرەوەدا پێوەندییەکانمان زۆر چوونەتە پێش و، ئێستە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بەچاوێکی جیا لە ساڵانی پێشوو سەیری ئەزموونەکەمان دەکەن. ئەمەش هانمان دەدات کە زیاتر خەبات بکەین لەم بوارەدا و دۆزی گەلەکەمان لە کەناڵە دیپلۆماسییە جیاجیاکانەوە بەرای گشتیی دنیا بناسێنین و پشتیوانیی بۆ کۆبکەینەوە. لە بواری ناوەخۆشدا، بارودۆخەکە زۆر بەرەوپێش چووە و پرۆسەی ئاشتی زۆر قۆناغی گرینگی بڕیوە. هیوادارین کە هەموومان دەست لەناو دەستی یەکتردا ئەم ئەزموونە بەتەبایی زیاتر بپارێزین و تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا قووڵتر بکەینەوە و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرین کە هەموو ئەمانە شوێن پێی ئەزموونەکەمان لە ناوەخۆ و دەرەوەدا زیاتر پتەو دەکەن و گەلەکەمان نێزیک دەخەنەوە لە ئامانجی ڕەوای خۆی.